www.kurdistannet.org
14-3-2003 0:14

# چەکی کیمیایی لە کوردســـتان دا

**ئەحمەد دەشتی**

بەپێی بڕیارەکانی ناو دەولەتان بە کار هێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەیەو نابێ بە هیچ شێوەیەك لە شەڕدا بە کار بهێندرێتن، بەلام لە کوردستاندا وا ئەم چەکە ترسناکەو وێرانکارە بە کار هات و بە هەزاران ڕۆلەی کوردی پێ لە ناو برا و ئەم جیهانە لە ڕاست ئەم تاوانە گەورەیەدا تا ڕادەیەك بێ دەنگ بوو تاوانی ئاوا پڕ لە جنایەت و دژ بە هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی سەر بە دەرخۆنە دەکرێتن و



زۆر بە کەمی باسی لێوە دەکرێتن، ئەو کوردەی کە سالەهای سالە لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری دا خەبات دەکاتن ودوژمنانی گەلی کورد هەموو جۆرە چەکێکی کوشەندەیان دژ بەو گەلە کوردە بە کارهێناوەو دە بێنن کە لە هیچ کارێکی نامرۆڤانەیان بۆ لە ناو بردنی گەلی کورد درێغیان نەکردووە وتەنانەت لە بڕیاردانی جینۆ سایید کردنی کوردی بێ دەرەتان و چەوساوە نە پەنگاونەتەوەو بەوپەڕی دڕندەیی دژ بە گەلی کوردو کوردستان هەنگاویان ناوە و سالەهای سالە کە کورد دەکوژن و بە هەموو شێوەیەك هەولی لە ناو بردنی کوردو کوردستانیان داوە و کەسێکیشمان وەدی نەکرد لەو کەسانەی بە ناو بەرگری لە مافی مرۆڤ و ئازادیخوازان دەکەن کە بێنە سەر خیابانەکان و تەناەت بۆ جارێکیش بە خۆ پیشان دان دژ بەو هەموو ڕەفتارە پڕ لە جنایەتو مرکوژیانەی ڕژێمی ئێراقی بجمێن و هاواری بەرگ بۆ ئەو کەسانە بنێرن کە چەکی کیمیاییان لە کوردستان بە کار هێناوەو گەلی کوردیان بەو هەموو میحنەت و ئازارو نەهامەتیانە گەیاندووە ، کەچی دەبینین بە هەزاران هەزار خەلکان لەم جیهانەدا دێنە سەر خیابانەکان و بە ناوی بەرگری لە شەڕ بەرگری لە مانەوەی ئەو سەددامە خوێن ڕێژەو دکتاتۆرەکان دەکێتن بە ناوی نا بۆشەڕ بەلێ بۆ سەددام مانەوە دەڕژێنە خیابانەکانەوە .

بەلێ لە ڕۆژی ١٨ ئازاری ١٩٨٨لە کاتێك دا کە سالەهای سال بە سەر تێپەر بوونی پەیمانی جنیف لە نێوان سوێند خۆرانی وارشۆ و ناتۆ دا تێ دەپەڕێتن کە بۆ قەدەغەکردنی ئەوچەکە کیمیاویەی کە چەکێکی زۆر ترسناك و وێرانکارانەیەو هەڕەشە لە لەناو بردنی گیانی مرۆڤ وتەواوی جیهان دەکاتن و لە مێژە لە پێناوی پاراستنی جیهان و گیانی مرۆڤ دا بڕیاری بە قەدەغەکردنی ئەو چەکە ترسناکە دراوە ، ئەوجا وا گازی خەردەل و سیانید و سارین لە کوردستان دا بە کار دەهێندرێتن و ڕۆلەکانی گەلی کورد بەو چەکە

کوشەندەیە بەو گازە خەتەرناکەیە لە ناو دەبردرێت و هیچ ڕێزێکیش لەپەیمان و بڕیارەکانی نێو نەتەوەیی و مرۆڤایەتی ناگیرێت و لە بەر چاوی جیهانیان کوردستان بە کیمیا بۆردومان دەکرێن و هەزاران کوردانی بێ مافی ئازادی و سەربەخۆیی لە شاری هەلەبجەی قارەمان بەو گازە خەتەرناکە شەهید دەکەن.

گەلۆ لە دوای پەیمانەکانی قەدەغەبوونی بە کار نەهێنانی ئەتۆم لە هیرۆشیمادا نەك هەر قەدەغە کرن و دروست نەکردنی ئەو چەکە کـاول کارە ئەنجام دراوە ، بەلکو وای لێ هاتووە کەوا تەواوی هەردولایەنەکانی ڕژێمە زل هێزەکان و گەلێ لە وەلاتانی تریش چەکی ئەتۆمی زیاد بکەن و بەو هۆیەش ترسی بە کار هێنانی ئەو چەکە وێرانکاریە لە نێوان هەر ڕوداوێکی شەڕ و بە یەك دادانی دولایەن دا زۆر لەگینەکە بە کار بهێندرێن، کە داهاتوویەکی زۆر خەتەرناك لە ئارا دایە ، لەوانەیەکە ببێ بە هۆی گەلێ لە کارەساتی مەزنتر لە هیرۆشیماو کازانزاکی و هەلەبجەی شەهیدا ، کە لە داهاتوش دا تەواوی جیهان دەکەوێتە بەر ئەگەری خاپور کردن و لە ناو بردنی ملیۆنها مرۆڤ بە دەستی دیکتاتۆرەکانی ملهورو درندەی وەك سەدام حوسێن و گەلێ لە دکتاتۆرو مرکوژەکانی ئەم ڕۆژگارانە ، لەم جیهانە کەسانی مرۆکوژو دکتاتۆر پەیدا دەبن کە بیر لە هیچ ڕووداوێکی خەتر ناك ناکەنەوەو مەرگی ملیۆنها مرۆڤ دەکەن بە ویستی هەستی درندەیی وخواستی خۆیان، زۆر نەزیکەو لەوانەیە کە ڕۆژێ بێن و کلیلەکانی چەکی وێرانکاریان بە کار بهێنن و کارەساتی هەتا بلێی مەزن لەم جیهانە دا وەدی بێنن.

خۆ لە دوای ١٢ سال دەست پێ کردنی گفت و گۆکانی نێوان زل هێزەکان و دانانی سنورێك بۆ چەکی کیمیایی، هەردوو لایەن و زلهێزەکانی جیهان بەیە لـ نەگەیشتن کەوا بتوانن لەو بارەوە چارەسەریەك بکەن کە ئەمەش هاوکاریەکی زۆری کردوتە سەر ئەوەی کەوا ئەم چەکە زیاترلەو شوێنانە دا بلاو ببێتەوە کە لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەوانەوەیە و ئەو بلاو بونەوەش بوەتە هۆی بە کار هێنانی لە زۆر ناوچەکانی جیهان دا وەکو کوردستان و ئەفغانستان و فیێتنام ونیکارا گوا و ئەنگۆلا و تەیموری ڕۆژهەلاتا ، داوای بە کار هێنانی ئەو چەکە قەدەغە کراوە لە شەڕەکانی نێوان عێرا ق و ئێرانیەکان دابە شێوەیەکی دیارو ئاشکراش بەکار دەهێندراو جیهانیانیش لە ڕاست بە کار هێنانی ئەو چەکە دژوارەو ترسناکەو قەدەغە کراوە بەبێ دەنگ وەستا بوون و تەماشاچی بوون و مرتەقیان لێوە ناهات وچارەیەکیان بۆ بەکار نەهێنانی ئەم چەکە خەتەرناکە نەدۆزیەوەو بە خۆشحالیشەوە سەیری ئەو هەموو ڕووداوە تال و پڕ لە جنایەتانەی شەڕیان دەکرد .

ئەوەی کە لەم دواییەدا پالی بەوەوە ناوە کە گفت وگۆ لە سەر چەکی کیمیایی بکرێن و بە کار هێنانی ئەو چەکە بوو کە لە ئازاری ١٩٨٨دا لە کوردستان دا بە کار هات وبە هەزاران خەلکی بێتاوانی لە ناو برد و شاری هەلەبجەی شەهیدکردو گەلی کورد کەوتە بەر هێرشی فرۆکەکانی ڕژێمی عیراقی و بە گازی کیمیایی سارین و خەردەل وسیانیدی درندەکانی ڕژێمی ئێراقی گەلێ شوێن لە کوردستان دا بە تایبەتی لە شاری هەلەبجەی ڕەنگین دا شیمیا بە کار هێندراوەو شارە بە تەواوی خامۆش و کپ کرا و شەهیدیان کرد و بە هەزران ڕۆلەی کوردیان لە ناو بردو بۆ جیهانیان ڕوون بۆوە کەوا ئەم چەکە وێرانکاریە چە کاریگەریەتیەکی زۆری هەیە بۆ لە ناو بردنی مرۆڤەوە ، بە تایبەتی لە کاتێك دا کە ئەو چەکە دەکەوێتە دەستی کەسانی نا مەسۆل و دکتاتۆرەکان و مرۆ کوژەکان، خۆ ئەم ڕوداوە گرنگەی بۆمبارانی کیمیایی شاری هەلەبجە نگەرانیەکی زۆری خستە ناو دلی جهانیانەوەو لە زۆربەی پایتەخەکانی وەلاتان دا هەول درا کەوا خەبات بکرێن بۆئەوەی کار بکرێتە سەر دوا هێنانی بە کار هێنانی ئەو چەکە ترسناکەو مرۆ کوژەو کاول کارە لە هەموو جیهاندا .

خۆ گەلی کوردیش بە بۆمبارانی کیمیایی و شەهید کرنی شاری هەلەبجە توشی بە کارەساتێکی زۆر گەورە و ترسناك هات، ئەمەش بە هۆی کاریگەریەتی ئەو چەکە خاپورکەرەو لە ناو بردنی دانیشوانی شاری هەلەبجەو ئەو هەموو نەهامەتی و کوێرەوەری و لە ناو چونی هەزاران کوردی بێ تاوان لە پێناوی مافە ڕەواکانی ژیان و ئازادی دا کە سالەهای سالە وا گەلی کورد لەبزاف و خەبات کردن دایەو لە پێناوی مافە ڕواکانی نەتەوایەتی خۆی دا کە هەموو ڕژێمە جۆراو جۆرەکانی عێراقی بە تێکڕایی دانیان بەو مافە ڕەوایانەی کورد نەناوەو بە زەبر و زەنگ و بیری کوردو تواندنەوە بە ئەنفال و تەعریب و گازی شیمیایی وەرامی گەلی کوردیان داوەتەوەو و زۆر

www.kurdistannet.org
14-3-2003 0:14
دڕندانه ڕەفتاریان له گەل ئەو گەلەکورده بەشخوراوه کردووەو شاری هەلەبجەشیان تا بەو شێوه دڕندانەیه به گازی کیمیای قەدەغەکراوی نێو دەولەتی شەهید کرد و به هەزاران کوردیان پێ له ناو برد و کوردستانیان کرد به مەرگستان.

ئەمەی کەوا له هەلەبجه ڕووی داوه ئەوه وەنەبێ جاری یەکەم بێت و له کوردستان دا هیچ جارێکی تر ڕووی نەدابێت، گەلێ جاران ئاوا ئەم چەکه کاول کاره به کار هاتوه وەك له ناوچەکانی گەرمیان و بادینان و شێخ وەسان و دۆلی جافەتی و گەلێ شوێنی تری کوردستان دا گازی سیانید و سارین و خەردەل به کار هێندراوه و به دەها کەسی له ناو بردووه و هەرچی بوونەوەری ئەو ناوچانەیه گیانیان له دەست داوەو گەلێ خاپووری و وێرانکاری له دوا بەجێ ماوەوکوردستانیان بەو چەکه خەتەر ناکه بەرەو وێرانی و کاول کاریەکی پڕ له ترسناك بردووه.

ڕژێمی عیراقی زۆر دڕندانه به هەستی گەل کوشتن و له ناو بردنی گەلی کورد دەستیان بۆ هەموو کارێکی دژ به مرۆڤایەتی و کاول کاری بردووەو به سەدان گوندی کوردستانی باشوریان خاپوور کردووەو بەسەر یەکیان دا تەپاندووەو به سەدان گۆرستانی به کۆمەل و شاراوەیان وەدی هێناوەو به سەدان هەزار کەسیان له ئەنفالەکان وله بیابانەکان ون و وێل کردووەو تەنیا به جارێك هەشت هەزار بارزانیه قارەمانەکانیان له ناو برد و ئێستاش کەس نازانی که چۆن له کارخانەکانی دروست کردنی بۆمبه پیسەکان و تاقی کردنەوەی چەکی کیمیایی له ناو کارخانەکانی دڕندەکان و و بیابانەکانی باشوری عێراقەوه له ناو بران و چۆن ئەو هەموو کوردانەیان له ناو بردو ون و وێل وشهیدیان کردن، ئەو ڕژێمه دکتاتۆریه ئێراقی هەرچی که له دەستیان هاتووەزۆر دڕندانه دژی گەلی کوردیان ئەنجام داوه و بیری جینۆ ساید کردنیشیان بۆ گەلی کورد له ناو مێشك و هەستیان دا ڕەنگی داوەتەوەو بڕیاریان له سەرداوه و به خەیالی خاوی خۆیان دەتوانن ئەم میللەته چل ملیۆن کورده له ناو بەرن و ئیتر کوردستان به تەعریب و ئەنفال و کیمیا له ناو دەچێت، بەلام خەیالیان خاوه سەری خۆیان له بەرداوەو زۆر داری هەرگیز هەتا سەر نیەو گەلی کورد قەت نامرێت و ڕۆژێ له ڕۆژانیش هەردێت که هەلەبجەی شەهید و ئەو هەموو ئەنفال و وێرانی وخاپور کردن و زەبرو زەنگ و کوشت و کوشتارەیان و ئەو هەموو نەهامەتی و بەد بەختیانەی که به سەر گەلی کوردیان هێناوه قوڕگیان بگرێت وببێ به کابوسی مەرگیان و له ناویان بەرێت و بیان خنکێنێت و گەلی کوردی بەشخوراویش به مافه ڕەواکانی خۆی شاد ببێت و کوردستان ئازادو ڕەهاو سەربەخۆ ببێت، هەرچەند که دوژمنان که دڕندەیی و کاری ناڕەواو دژ به هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی بەکار بێنن ئەوا بیری تۆله سەندنەوه و هەستی پاکی کوردایەتی له ناو دل و دەروونی خەلکی کوردستان دا زیاتر دەبێت و بەرخودان و خەبات وتێکۆشان له پێناوی گەیشتن به مافه ڕەواکانی کورد و کوردستان زیاتر پەره دەسێنێ وگیانی یەکگرتن و خەباتی ڕەوای میللیمان زیاتر بەرەو سەرکەوتن و قۆناغی یەکجاری که ڕزگاری و ڕەها بوونه له دەست فاشیەکان دەڕواتن و گەلی کورد تۆلەی خۆی دەکاتەوەو لاشەی گەنیوی داگیرکەرانی داکتاتۆرەکان له ناو چاله زبلی نامرۆڤایەتی ودڕندەیی و مرۆ کـوژی دا دەفن دەکاتن، داگیرکەرانی کوردستان و هەموو ئەو زۆردارو خوێن ڕێژانەی که دەکەونه گیانی میللەتان و بەو شێوه نامرۆڤانه خەلکی بێ تاوان له ناو دەبەن با ئەوه چاك بزانن که ڕۆژێ هەردێت هێز و توانای میللەتان دەجۆشێت و ئەو زۆردارانه له ناو دەباتن و تۆلەی کاول کاری و به کۆمەل کوشتن وهەستی ناپاکی فاشیانەیان وتۆلەی خوێنی پاکی تەواوی شەهیدانیان لێ دەکرێتەوەو دەیان کەن به پەندی زەمانەو به هەزاران تف و نەفرینیان بۆ دەچێت و وەك هەموو دکتاتۆرەکانی جیهانیان به سەر دێت، ڕۆژگارانی دکتاتۆران و مرۆ کوژان به سەر چووه و دەمی ئازدی و ڕەهایی و سەربەخۆیی میللەتانه و گەلی کوردی چل ملیۆن مرۆڤیش هاکا بینیمان ئالای سەربەخۆیی و ڕزگاری هەمیشەیی هەل بدات و له چنگ ئەو هەموو داگیرکەره دڕندانه دا ڕزگاری بێت وکوریش وەك تەواوی گەلانی جیهان بەرەو پێشەوه بڕواتن.

نەمری بۆ شەهیدانی شاری هەلبجەی شەهید و تەواوی شەهیدانی کورد و کوردستان و.

سەر شـۆڕی و نەمان بۆ داگیرکەران و نەیـارانی گەلی کورد.

*

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت